# ده ئێستا به ئاسوودەیی بنو ماریتا..

ڤینۆس فایەق
هوڵەندا

ئەو رۆژەی پێشوازیم لە ماریتای نەرم و نیان کرد لە هوڵی ماڵە خنجیلانەکەم لە هوڵەندا ، ئەو کاتە خاوەنی یەکەم کچی بوو و دووگیان بوو بە کچی دووەمی ، قاوەکەم بۆ دانا و پاش ئەوەی یەکەم قومی لێدا بە فەرەیدوونی مێردی وت: ئەزانی ئەم قاوەیە زۆر خۆشە ؟ ئینجا رووی تێکردم و وتی: لەکوێ کڕیوتە پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ نەرویژ هەندێکی لێ دەکڕم و دەیبەمەوە لەگەڵ خۆم ..

من بۆخۆم نە ماریتا و نە مێردە بەدەکەیم نەدەناسی ، بە رێکەوت بەهۆی ناسیاوێکمانەوە رێی کەوتە ماڵی ئێمە ، زور خۆشحاڵبووم بە ناسینی ، چونکە ژنێکی هێند هەست ناسک و قسە خۆش بوو ، ئەوەی من بینیم ئەوەبوو ئەو ژنە هەموو ژیانی خۆی دابووە دەست ئەو پیاوە ، هەرهەموو دڵی خۆی تەسلیم بەو پیاوە کردبوو ، هەر ئەو ماوە کەمەی لەگەڵی دانیشتم بۆی باس کردم کە ئەو لەبەر خاتری مێردەکەی هاتووە بۆ هوڵەندا بۆ ئەوەی شووبراکەی لە هوڵەنداوە بە قاچاغ بەرێت بۆ نەرویژ ، پێم وت : بەڵام ئەوە کارێکی ناشەرعیە و ژیانت ئەخاتە مەترسیەوە ، وتی من هەموو شتێک لەبەر خاتری مێردەکەم دەکەم چوونکە خۆشم ئەوێت ، ئەو ئامادەگی تیابوو هەموو شتێک بکات تەنها لەبەر ئەوەی فەرەیدوونی بکوژ رازی بکات ، چونکە ماریتا بە راستگۆیی فەرەیدونی خۆش ئەویست ، فەرەیدوونی بە هەموو توانایەوە بیری لە کوشتنی ماریتا ئەکردەوە ، ئەو وەختەی ماریتا بیری ئەکردەوە چۆن فەریدوون رازی بکات فەرەیدوون بیری لەوە دەکردەوە چۆن ماریتا بکوژێت و پارە و پوولەکەی پاشی بەجێ دەمێنێت دەستکەوێت.

ئەوبوو ، هەستا بە پارەی خۆی خەرجی گواستنەوەی شووبراکەی کێشا لە هوڵەنداوە بە قاچاغ هەتا نەرویژ ، لەبەر ئەوەی لە هوڵەندا مافی مانەوەی نەبوو ، ئەو لە فرۆکەخانە قوڵی کردبوو بەقوڵیدا و بە پاسپۆرتەکەی فەرەیدوونەوە پەڕاندیەوە بۆ نەرویژ ، چوونکە شوبراکەی و فەرەیدوونی مێردی زۆر لەیەک دەچوون ، ئیدی ئەوە کێشەیەک نەبوو ، کێشەکە لەوەدا بوو ئەو ژنە تا چ رادەیەک ئەو پیاوەی خۆشدەویست !! ، ئەگەر ئەورووپیەک چاوی لێبێت یەکێک ئۆتۆمبیلی یەکێکی تر بە هێندی نووکە دەرزیەک زەرەرمەند دەکات ، خێرا تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات ، نەخوازەڵا شتێکی ناشەرعی بەبەرچاویەوە رووبدات ، بەڵام ماریتا هێند کوێرانە فەرەیدونی بەدی خۆشدەویست تا ئەو رادەیەی بیری چووبوّوە ئەو ئەورووپیەو نەیدەتوانی ئەوە ببینێت کە فەرەیدوون بوونەوەرێکی دڕندەیە لە پێستی مرۆڤدا خۆی بۆ ناوەتەوە .. هەر بەو رۆحەشەوە بێشکم دوای کەوتووە بۆ کوردستان ، نەیزانیەوە لە کوردستان چەقۆی بۆ تیژ کردوّتەوە ملە ناسکەکەی پێ سەبڕێ ، نەیدەزانی جەزای خۆشەویستی لای فەرەیدوونی مێردی کوشتنە ، بۆ چیش ، چونکە ماریتا کچی ماڵێکی ئێجگار دەوڵەمەندە لە نەرویژ و ژیانی بە بڕێک پارەی زۆر گەورە بیمە کردووە ، ئیدی فەرەیدوونی بکوژیش مرخی لەو پارەو سەروەت و سامانە خۆش کردووە

ئەو کاتەی تاوانەکە روویدا ویستم لەسەر بنووسم ، بەڵام لەبەر گەورەیی کارەساتەکە ، کە بمەوێت و نەمەوێت بەستمەوە بە هەموو کوردەوە لەو وڵاتانە ، و ئایا ئیستا لە نەرویژ چی بە کورد ئەڵێن ، ئایا ئیستا هەموو

**کوردێک بە فەرەیدوونێکی بکوژ ناودەبەن؟ ئەوکاتە حەزم کرد بوەستم هەتا بزانم دادگا لە کوردستان بەچی حوکم دەکات ، بەڵام ئەمڕۆ کە دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ بڕاندەوە ،**

**ئینجا دەستم هێنای بنووسم ، و بە ماریتا بڵێم :**

**دە ئیستا بە هێمنی چاوەکانت لێکنێ و بنوو ، و نەهێڵی کچەکانت شوو بکەن بە فەرەیدوونەکانی تر..**